السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- قنوتی نەدەکرد؛ مەگەر بۆ نزا کردن بۆ خەڵکانێک، یان نزا کردن لەسەر خەڵکانێک بێت

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- قنوتی نەدەکرد؛ مەگەر بۆ نزا کردن بۆ خەڵکانێک، یان نزا کردن لەسەر خەڵکانێک بێت».
[صەحیحە] [ئیبنو خوزەیمە گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە باسی ئەو حاڵەتانە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- قنوتی دەکرد ئەویش یان لە حاڵەتی نزا کردن بۆ کۆمەڵێک خەڵک، یان نزا کردن لەسەر کۆمەڵێک خەڵک بێت، وئەمەیش ڕوونیدەکاتەوە کە قنوت کردن لە ڕووداوە ناخۆشەکاندا ڕێگەپێدراوە، لە نوێژە فەرزەکاندا لە جگە لەم حاڵەتانە؛ گێڕانەی تر نەهاتووە، وقنوت کردن لە نوێژە فەرزەکاندا تایبەتە بە ڕووداوە ناخۆشەکان، چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تەنها بۆ نزا کردن بۆ مسوڵمانان یان نزا کردن لەسەر کافرەکان قنوتی دەکرد لە نوێژی فەرزدا، وئەم قنوتە تایبەت نییە بە نوێژێک جیاواز لە نوێژێکی تر، بەڵکو پێویستە کاتێک ڕووداوێکی ناخۆش تووشی مسوڵمانان بوو لە هەموو نوێژەکاندا قنوت بکەن.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10934

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee